

## ئەوەی کە دەبێ ئێمە رێبوارانی رێگەی ڕزگاری بێکەینە جەوهەری کارو خەباتمان!

کێشەو مەشاکلی حیزبەکانی باشوور کوردستان بوەتە هۆی دوور خستنەوەمان لە ئەرکەکانمان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هێندەیان خەبات لە ڕۆژهەڵات بۆ ڕاگرتنی سەروەریەکانی باشوور خەساند و خەتەنەیان کرد و هەر جارێ بە ناوێ دەستیان لە ئم خەباتە ڕادەگرت، وای ڕاهێناوین تەداخوڵ لە کار و باری باشوور کەین.
ئێمە کە یاغی خەبات لە ڕۆژهەڵات بەرەو باشوور چوین بۆ  بۆپاراستنی گیانمان لە باشووریش نەمانتوانی  بمینێنەوە و نەخوازراو کۆچمان بەرەو هەندەران کرد. کە ئەم کۆچکردنەش نا سەرکەوتوو بوین لە چالاکی و   دیپۆلۆماسی.
بم شێوە بڕواتە پێش خەبات لە ڕۆژهەڵات  تەواوی لە سوشیال میدیا جێگیر دەبێت کە ئەمەش خواستی داگیرکەرانە و پڵانی شی بۆ دانراوە کە گەییشتوەتە ئێرە.
ئەو خەباتەی کە دەتوانی لە ڕۆژهەڵات بێتە هۆی سەرهەڵدانی شۆڕشی سەرتاسەری بۆنی ئێمە لە ناو خەڵک، و بە دەس پێکی شۆڕشی تۆلەیە کە بە کار و چالاکی لەناو خۆ دژ بە هەر جنایەتێک، دەر حەق بە گەڵەکەمان لە بکرانی ئەو جنایەتانە خۆش نەبین و تۆلەی خوێن بە خوێن کەینەوە و ترس خەینە دڵی تاک بە تاکی تاوانباران. و شۆڕشە  ڕەوایی کە دەبێ دژ بە داگێرکاری بکڕێت لە تەواوی دنیا  بە قوربانی دان سەروەری نەتەوەی خۆیان بەدەس هێناوە.
سوشیاڵ میدیا تا ئێستا نەیتوانیوە نە سۆزی خەڵک بۆ لای خەباتەکەم راکێشی نە توانیومانە بیکەینە قوتابخانەی پەروەردەی نەتەوەی. ئەوەی من دەبیێنم تا ئێستا رەقابەتی ناوخۆی و دەمەقاڵەی ناوخۆی خۆمانە کە کاردانەوەی ناشرێنی  لە کۆمەڵگا بە چێ هێشتوە.
ئێمە بە بونی چەند تلوزیون و  هەزاران پەیج وئکانت لە سوشیاڵ میدیا کە خەرێکی ئاڵووگۆری هەواڵین. کە ئەمە خۆی بەشێکە لە هەزاران کاری حیزبی بەڵام لای ئێمە بوەتە سەدا هەشتای کارەکە و ئەوەی دیکەش زۆر بە کەم ڕەنگی دەردەکەوێت یا هەر بوونی نیە.
کێشەیی دیکەی کە هەیە ئەوەیە پێمانوایە کە کەسایەتی یا کەسێ دەبێ ببنە رێخۆشکەر سەرکەوتن، بەڵام بۆ ئەم کارەش هەر کەس سەرۆک بەرپرسی باڵای حیزبەکەی بم کەسایەتی پێناسە دەکات، تەنانەت  لە کەم و کورێ دەس بۆ رێبەرە کوچکردوەکانیش دەبەن و و هەر ئەوان بە رزگاری کەر دەزانن. ئەم کەموکۆریانە سەرکردایەتی  بە سێمای تەواوی حیزبەکانەوە دیارە. پێویست بە شیکردنەوە وشروڤە کاری ناکات ناوی تاک بێنین.
روایێژ و دیالۆگ لە نێوان ئێمە بە ناخۆشی تەواو دەبێت چون فکری تەسکی  حیزبی بە سەر  هزری نەتەوەی دا سوارە حازر بە دیانپێدان بە یەکتریدا نین، و تەنانەت  بە تانەو تەشەر لێکدان  ناوماڵی خۆمان لەدەرەوەی نیشتمان زیاتر لێک دەترازینین،ئێستا ئەم پرسیارە لە خۆم دەکرێت با وڵام دەمەوە، من خۆم رەخنە دەگرم و  هیچ کاتی رەخنەکانم لە سەر سیاسەتی حیزبەکان یا چون کار کردنیان نەبوە بەڵکۆ من دیفاع لە قوربانیانی سیاسەتی غەڵەتی حیزبیم کردوە کە شکنجە و ترۆرو یا ترۆری کەسایەتیان کراوە بە هەرشەی کوشتن بێت یا حیاتکان و ئەتکی ژن و منداڵ با زۆرێش نەچمە نا ئەم باسەش.
ئێستا من و   هیچ کام لە ئێوە حازر نین حیزبەکانامن کەینە قورابانی بۆ سەروەری نەتەوەکەمان  چون جەوی سیاسەت  وای بار هێناوین. وا ڕاهاتوین وا دەزانین کوردستان بە بونی ئەم چوارچێوە زیندانیەی

که خۆمان تێدا زیندانی کردوە بە ناوی حیزب و ئەم ڕێبەرانەی ئەمڕۆ نەبێت کوردستان نەبێت باشترە.

فرە حیزبی خۆی لە خۆیدا لە شوێنی دێمۆکڕاسیدا بونی هەبێت پەرە دەبەستی بەڵام ئەوەی لای ئێمە بوتە هۆی پەرە پێدانی ، کەموکۆری و نادێمۆکراسیەتە ، کە زیاتری ئەم حیزبانە کەسانێ دامەزرێنەرین کە لە چاکسازی و پڕ کردنەوەی بۆشای سیاسی حیزبە پێشوەکانیان بەربەستیان هەبوە، و بێ هێوا بون.
بەڵام ئەمڕۆ دامەزراندن و کارای بوون زۆر سەخترە لە چاو ئەو حیزبانەی کە لەناو خۆ تەمنیان بۆ سەر هەڵدانی خەبات دژ بە شیوەی ئێدارەی کۆماری ئیسلامی بوە کە توانیویانە زۆر زۆ پەرە ببستن و جەماوەری نارازی لە خۆیان کۆ کەنەوە، ئەم هەڵەی بۆ ئەوان ڕەخساوە بۆ ئەم حیزبە نوێیانە نیە کە بتوانن بم شێوە جەماوەریان بێت مەگەر ئەوەی کە بتوانن ڕێگەی کە لە خەبات هەڵبژێرن کە تا ئێستا نەکراوە لم ڕێگە سەر کەوتنی باش بەدەس بێنن. کە ئەمەشیان زۆر سەخت و ڕێگەیەکی پڕ لە بەربەستی سیاسی لە پێشە.
کێشەی دیکەی کە حازر بە ئەوە نین کە لێکۆڵینەوە و بدوا دا چون بۆ هیچ شتێ بکەین چە زانستی بێت چە مێژووی ئەوەی بە هەزری ئێمە باشە شیکاری بۆ دەکەین کاتی باسی زانست دەکین دەبێ ئەو کەسە لە سەر ئەو بواری زانستیە خوێندنەوە و لێکۆلێنەوەی بۆ کردبێت بەڵام نەزانینی ئەو لە سەر ئەو دەبێت هۆی دژایەتی کردن و لە هەموو زیاتر کە لم باسانە تێوەدەگلێن باسی ئایینیە کە بێ هیچ شیوە زانستی خوێندنەوەیی دەکەوێت بەر هێرش و قسەی ناحەز و ناشیوا، وە یەکی لە سفەتەکانی ئێمە لە هەر چوار گوشەی ئەم دنیایە بێرێزی کردن بە باوەر و ئایین خەڵک بوەتە هۆی لێکترازان و تەنانەت شەڕی لێ کەوتە تەوە. ئایا کێشەی گەلی ئێمە کێشەی ئایینیە یا کێشەی نەتەوەی، کە لێنەزانی لە شیوەی خەبات تۆشی ئەم نابەرێدا بردنیان کردووین.

ئەوەی کە دەبێ ئێمە ڕێبوارانی ڕێگەی ڕزگاری بێکەینە جەوهەری کارو خەباتمان
- حەزێکی بێ کۆتای بۆ فێر بون!
- ئێرادەیەکی پۆلایین بۆ خەباتێکی شۆڕشگێرانە!
- زاڵ بون بەسەر تەواوی ئەم چەمکانەی ڕێگرن لە یەکرێزی ناوماڵێ کورد!
- با ئەم پرسیارانە لە خۆمان کەین!
- کێشەکانی دابرانمان لە زەیدەکەمان چێ بوە؟
- چی بووە هۆکاری ئەم یاغی بۆنمان و پێوەست بون بە ڕێزی شۆڕشگێران؟
- شۆڕش و خەبات بۆ گەیشتە ئەم حاستە ؟
- تەواوی ڕێگە چارەکان چین؟
- باشترین ڕێگە چیە؟
- باشترین پێشنیارتان چیە بۆ شۆڕشگێڕێکی یاغی و عەودالّی بۆ سەروەری نەتەوەکەی؟

مەنسوور تەها